عەرەبیدا بە بڵاوترین ئاراستە دادەنرێت لەو وەرگێڕان و نوسینە عەرەبیانەی کە لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە نوسراون. بۆ دڵنیا بونەوەیش لەوە دەتوانیت بڕوانیتە کتێبی (الحضارة– الثقافة– المدنية) لە نوسینی (نصر محمد عارف) لە هەمان کتێبدا لە لاپەڕە (٦٧)دا هاتووە کە: (هەموو فەرهەنگەکانی زمان کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا نوسراون وشەی (Civilization) وەرگێڕاوە بۆ وشەی (الحضارة) عەرەبی، ئەمەیش بەوپێیەی کە (حضارة) بریتیە لە کۆی ئەو دیاریدە کۆمەڵایەتیانەی کەوا مۆرکێکی مادی و زانستی و هونەری و تەکنیکی یان لە کۆمەڵگەدا وەرگرتووە، وە نمایشی قۆناغێکی (راقی) کەشخە دەکات لە پەرەسەندنی مرۆییدا.. بۆیە منیش پێم وابوو وشەی (شارستانیەت) لەو ڕووەوە هەمان هاو واتای وشەی (حضارة)ی عەرەبی و (Civilization) ئینگلیزیە بە پشت بەستن بەو بۆچوونانەی سەرەوەیش لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەی (بیگۆڤیچ)دا "الاسلام بين الشرق و الغرب" لە هەموو شوێنکدا لە بری وشەی (حضارة) شارستانیەتم بەکارهێناوە.

هەروەها بۆ زیاتر پاڵپشت کردنی ئەم بۆچونەش لێرەدا ئەو رایەی (سلامه موسى)یش لە کتێبی: (الثقافة و الحضارة، القاهرة مجلة الهلال، ديسمبری، ١٩٢٧ م/ لاپەرە ١٧١ دەهێنمەوە) کە دەڵێت: (شارستانیەت مادەیەکی هەست پێ کراوە لە ئامێرێکدا کە دادەهێنرێت یان بینایەك کە دروست دەکرێت یان سستمی حکومەتێك کە مومارەسە دەکرێت، وە ئاینێك کە دروشم و رێو رەسم و نەریتی و دام و دەزگای خۆی هەیە، بەو پێیە شارستانیەت لایەنی پراکتیکی و هەستی و درەکی و مادی شتەکان دەگرێتەوە). لێرەیشدا تێبینی ئەوە دەکرێت کەوا (سلامه موسى) لەمەدا شوێن پێی قوتابخانەی ئەڵمانی هەڵگرتووە کە پێی وایە (Culture) پەیوەستە بە شتە زهنیەکانەوەو (Civillizatiom) یش کە وشەی (حضارة)ی بۆ بەکارهاتووە لە عەرەبیدا پەیوەستە بە شتە مادییەکانەوە. ئەگەر بە وردیش کتێبەکەی (بیگۆڤیچ) بیخوێنیتەوە ئەوا ئەویش لە وشەی (حضارة) هەمان ئەم چەمکەی مەبەستەو تارادەیەکی زۆریش دەتوانین بیبەستینەوە بە وشەی (شارستانیەت)ی کوردیەوە، چونکە ئەگەر وشەی (شارستان–یەت) بە وشەیەکی داڕێژراو دابنرێت ئەوا وشەی (شارستان) لە کوردی و فارسی دا هەر بە مانای (شار) دێت و پاشکۆکەیشی لە هەموو حاڵەتێکدا تەعبیرە لە شێوازو چۆنیەتی ژیانی (شار)، واتە (چۆنیەتی ژیانی شار) یان (چۆنیەتی ژیان لە شاردا) ئەگەر ئەو وشەیەش بە لێکدراو دابنرێت ئەوا لەو حاڵەتەیشدا هەر هەمان مەفهوم دەگەیەنێت (وەرگێڕی کوردی).

*سترومیلین (١٨٨٧–١٩٧٤) ئەکادیمیەکی سۆڤیەتی لە گەورە پیاوانی حکومەتی سۆڤیەت بوو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ.

٣٤–ئەم بەیاننامانە وەرگیراون لە پەیمانگای فیدراڵیەوە بۆ سەرژمێری لە (ڤسبادن).

◆ بەشی یەکەم و دووەمی وەرگێڕدراوی ئەم کتێبە (الأسلام بين الشرق والغرب) بەشێوەی کتێب بڵاوبۆتەوە، تێکڕای ئەم بەشەش (بەشی سێیەم) خوا یار بێت لەداهاتوودا بەتەواوەتی بڵاودەبێتەوە.